# کوشتنی دوعا و مەسەلەی ژنان لە ئیوارە کۆڕێکدا



ئا/ ئاسۆ گۆران
Aso.72@hotmail.com

کەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەکوژی و بەردەبارانکردنی ژنان لە ئێوارەی 18 مانگی پێنجدا لە بنکەی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال لە لەندەن بۆ دوعا و بۆ مەسەلەی ژنان ئێوارە کۆڕێکی بەرفراوانییان سازدا کە زیاتر لە 120 کەس ئامادەبوون. قسەکەرانی ئەم ئێوارە کۆڕە چەندین هەڵسوڕاوی مەیدانی ژنان بوون و (Joanne Payton )لە کەمپینی نێودەوڵەتی دژی قەتڵی ناموسی کۆڕەکەی دەبرد بەڕێوە. سەرەتای کۆڕەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی دوعا دەستی پێکرد. دواتر کۆڕەکەی بە ووتەیەکی کورت کردەوەو یەک یەک قسەکەرانی بە ئامادەبوان ناساند لەوانە:

1- هۆزان مەحمود: مەسئولی کەمپین ونوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق.

سەرەتا بە خێرهاتنی ئامادەبوانی کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەو ئامادە بوونە بەرچاوە. تاکیدی لە سەر دروست بونی ئەم کەمپینە کردەوە و کاروچالاکیەکانی ئەم کەمپین لە چ ئاستێکدایە، چۆنیەتی ڕەوشی ژنان لە کوردستاندا و بەربەریەتی کوشتنی دوعا، کارکردن بۆ بە جیهانی کردنی ئەم کەمپینە لە ئاستیکی گەورەو سەراسەریدا بە گرنگ وەسف کرد وە ڕەشەکوژی ژنان و بەردەبارانکردنی مەحکوم و ڕیسوا کرد. وە وتی لە دوای مەسەلەی دوعاوە خەڵکانێکی زۆری ئازادیخوازلە کوردستانیش و لە دەرەوە ناڕەزایەتیان دەر بڕیوەو هاتوونەتە پشت ئەم کەمپینەوەو ئەم کارە وەحشیانەیەیان مەحکوم کردوە.

2- هیزەر هارڤی(Heather Harvey): بەنوێنەرایەتی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال کوشتنی دوعایان محکوم کرد و داوای لە حکومەتی عێراق ئەوە بوو بکوژانی بگیرێن و دادگایی بکرێن قانوونێک پیادە بکرێت لە خزمەتی

ژناندا بێت وە وتی کوشتنی ژنان لە زۆرێک لەووڵاتانی دنیادا تا ئێستاش پیادەدەکرێت ئەمە کارەساتەو دەبێت بەری پێبگیرێت.
3- دیانا نامی: ئەندامی کەمپین و مسؤلی ڕێکخراوی مافەکانی ژنانی کوردو ئێرانی، تاکیدی لەسەر تیرۆری ژنان کردەوە ئەم جۆرە کوشتنەشی بە تیرۆری ژنان وەسفکرد وو وتنی کوشتی ژنان بە جۆرێک تەشەنەی کردوە تەنانەت لە گەورەترین و پێشکەوتوترین وڵاتانی ئەوروپاشدا یەخەی کچانی کورد دەگرێت کووشتنی(هێشوو، بەناز) یش دوونموونەی بەرچاوی باسەکەی بوون کە بەس لەسەر خۆشەویستی لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون. وە وتیشی کوشتنی دوعا بەرهەمی ئەو کۆمەڵگاییە کە پیاو سالاری و قانونی ئیسلام حکومی دەکات. لەکۆتایی قسەکانیشیدا کووشتنی دوعای محکوم کردو ووتی دەبێت بکوژانی بگیرێن و بدرێنە دادگا.
4- ڕێگا ڕەوف: ئەندامی کەمپین و هەڵسوڕاوی مەیدانی ژنان قسەی لەسەر مێژوی بزووتنەوەی ژنان کرد لە کۆمەڵگای کوردیدا لە دوای ڕاپەڕین. وە تیشکی خستە سەر دەوری خۆی و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستاندا و کارەساتی کوشتنی دوعای محکوم و ڕیسوا کرد.
5- دیبا علیخانی: هەڵسوڕاوی مەیدانی ژنان لە ئێران و مسؤلی ڕێکخراوی ( جامیعەی حیمایەت لە ژنان) باسی کاری ڕێکخراوەکەیانی لە کوردستانی ئێران و تاران کرد. وە چەند وێنەیەکی دیکۆمێنتی ژنانی ئێران و ڕێکخراوەکەیانی پیشانی ئامادەبوان دا. کێشەی ژنانی لە ئێراندا بە گەورەیی باسکرد و کۆمەڵگای ئێران بە ئاشکراو بەبەر چاوی دنیاوە مافی ژنان پێشێل دەکات. ئەویش وەک قسەکەرانی تروو ڕێکخراوەکانی تر کوشتنی دوعای محکوم کرد وتی دەبێت تاوان باران بەسزای عادیلانە بگەینرێن.
6- پایزە ئەحمەد: هەڵسوڕاوی مەیدانی ژنان، بە نوێنەرایەتی چوار ڕێکخراوی کوردی لە شاری(Huddersfield) بەشداری کرد بە مەحکوم کردنی کوشتنی دوعا ڕیسوا کردنی ئەو کارە نا ئینسانیە تاکیدی لەسەر مەسەلەی ژنان کردەوە و ووتی دەبێت ژنان باشتر خۆیان ڕێک خەن بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی قانونێک کە خەریکە لە کوردستاندا دەچەسپێت مافەکانی ژنان بەڕەسمی پێشێل دەکات ئەویش بەندی حەوتی دەستوری هەرێمە.
7-لیلا جزائیری. هەڵسوڕاوی مەیدانی ژنانی ئێران باسی مەسەلەی بەردەبارانکردنی بەردەوامی ژنانی کرد لە کۆمەڵگای ئێراندا وتی بەردبارانی ژنان لە ئێراندا قانوونە . حوکمی مەلاکانی ئێرانی بە خاڵی بنەڕەتی دانا بۆ تەقویەتی ئەم بەرخوردە بەژنان و وتی ئەبێت هەوڵبدەین بۆ پراوێز کردنی ئەم نیزامەو دانانی نیزامێکی ئێنسانی و دیموکراتی تا لە سایبدا ژنان لە مافەکانیان بەهرەمەند بن و بگەن بە خواستەکانیان.

دوای ئەم باسانە ئامادەبوان بەشداری بەر چاویان هەبوو لە سەر کوشتنی ژنان بەگشتی و مەسەلەی دوعا باسەکەیان زیاتر تێرو تەسەل کرد.

دوای هەموو ئەم  باسانە هۆزان مەحمود لە چەند خاڵێک دا ئامانجی ئەم کەمپینەی خستەڕوو. کە ئەمانەن:

1- بە ڕەسمیەت ناسینی 04/07 ڕۆژی کوشتنی دوعا بە ڕۆژی وەستانەوە لە دژی بەردەباران کردن و ڕەشەکوژی ژنان.
2- بە سزا گەیاندنی بکوژانی دوعا لە دادگایەکی عادیلانەدا.
3- قەدەغە کردنی کوشتن و بەردەباران کردنی ژنان لە ژێر ناوی کوشتنی شەرەف.
4- دانانی یاسایەک کە لە بەرژەوەندی مافەکانی ژنان‌دا بێت.

هەروەها هۆزان باسی لە ئامادەکاری کرد بۆ کردنی دوو مناسبە لە سەرەتای مانگی 6 دا بۆ دوعا:

1. بەرپاکردنی خۆپیشاندانێک لە هەموو وولاتە ئەوروپیەکاندا لە بەردەمی سەفارەتی عێراقی لە دژی بێدەنگیان سەبارەت بە کوشتنی دوعا.
2. ڕێکخستنی ڕۆژێک بۆ یادی خۆشەویستیەکەی دوعا و تەمەنە کورتەکەی ئەویش بە هەڵدانی 17 گوڵی ڕۆزی سوور بۆ  ناو ئاو لە هەر وولاتێکدا.